هەرکەسێک دوو ژنی هەبێت مەیلی بۆ لای یەکێکیان زیاتر بێت؛ ئەوا ڕۆژی قیامەت دێت ولایەکی لاشەی لار بووەتەوە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک دوو ژنی هەبێت مەیلی بۆ لای یەکێکیان زیاتر بێت؛ ئەوا ڕۆژی قیامەت دێت ولایەکی لاشەی لار بووەتەوە».
[سەحیح - ڕاست)] [رواه أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه وأحمد]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕایدەگەیەنێت کە هەرکەسێك زیاتر لە ژنێکی هەبێت ودادپەروەر نەبێت لەنێوانیاندا بەپێی توانای، مەبەست لە دادپەروەری: یەکسان بوونە لە نێوانیان لەڕوانگەی خەرجی ومااڵ وپۆشاك ومانەوە، ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت کە باسکرا ئەوا سزای لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوەیە نیوەی لاشەی لار دەبێتەوە، ولاربوونەوەی لاشەی سزایەکە لەسەر ستەمکردنی، هەروەکو چۆن لار بوو لە مامەڵەکردنیدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58125